

# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

(بەشی پێنجەم)

**نوسینی: کری ڤۆلف**
**وەرگێرانی بۆ فارسی: محەمەدی قازی**
**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## لایەنە سەرەکییەکانی مێژووی ئینجیلەکان
## ئینجیلەکان کۆمەڵێک ئەفسانە و سەربردەی خەیاڵی

هەر بەوجۆرەی پێشتریش ئاماژەمان پێدا  چیرۆك و سەربردەی ناو ئینجیلەکان لەسەر کەسانی جۆربەجۆر و لەمەڕ ڕووداوەکانی سەدەی یەکەمی زایینیی بەهیچ جۆرێك جێگای متمانە نین. ئەو چیرۆك و سەربردانەشیان کە بە تانوپۆی مۆجزە و ڕوداوی سەیروسەمەرە تەنراون، وەك گوورانی عیسا بە فووی روح‌القدوس، چابوونەوەی مۆجزاوی نەخۆشەکان و زیندووبوونەوەی مردووان و هەستانەوەی عیسا بەرەو ئاسمان لە پاش مردن و .... جگە لە کۆمەڵە ئەفسانەیەکی کۆن و ساختە و خەیاڵی هیچ شتێکی‌تر نین و هەنگاوێك واوەتر ناچن. کەوابوو ئینجیلەکان بە گشتی بریتیین لە کۆمەڵە ئەفسانە و حیکایەتێکی کۆن و ساختە و خەیالی.

وشەی«میت Mythe[1]» لەزمانی یونانی کۆندا مانای ئەفسانە و حیکایەتی هەبووە. بە هەموو ئەو ئەفسانە و حیکایەتانە دەوترا کە لە دەوری خواکان و پاڵەوانەکان و خۆنواندنەکانیان دەخولایەوە و ڕووداو و سەربردەی سەیروسەمەرەیان تێپەڕاندبوو، هەر ئەمانەش دەم بە دەم بەسەر هەموو وڵاتی یونانی کۆندا دەگەڕا. ئەوانە زۆرتر بەرگی

١- میتۆلۆژی، Mytholoie لەو وشەیەوە وەگیراوە.



سەربردە و کەمتر بیروبڕوای ئایینییان دەبەردابوو. وەك ئەفسانەکانی لەمەڕ «هێرکول» و بەسەرهاتی خێڵی« ئارگنۆت[2]» کە وەدوای «خوریی زێڕین» کەوتبوون. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ڕوانگە و بیرۆکەی ئایینیی کۆنیش تێکەڵ بە ئەفسانەکان دەکران. هەموو ئایینە کۆنەکان سەدان ئەفسانەیان هەبوو کە باسی خواکان، نیوەخواکان و ئەولیا و پیاوچاکە خۆشەویستەکانی بارەگای خوایان دەکرد. ئەمانە بە روداوی ناراست و سەرسووڕهێنەر دەهۆنرانەوە، هەتا کۆڵەکەی ئاینەکەیانی پێ قایم بکەن و ڕاستی و بەرحەق بوونەکەی بسەلمێنن. ئاشکرایە کە ناکرێ باوەڕ بەو ڕووداو و سەربردە ناراستەقینانە بکرێت. ئاخر خۆ هیچ بەڵگەیەك لە دەستدا نیە، تا بتوانین بڵێین بەڵێ وایە، ئەو پاڵەوانە خەیاڵی و ئەفساناوییانە هەبوون و ئەو کردەوانەشیان ڕاستن کە گۆیا لێیان وەشاوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەمانە بە هیچ جۆرێك جێگای باوەڕ نین، چونکا هەر هەموویان بە تانوپۆی خەیاڵ و شتی نەشیاو تەندراون. بەمئاوایە هەموو حیکایەتی ناو ئنجیلەکانیش کۆمەڵە ئەفسانەیەکی ئایینیین و هەر ئەوانەشن کە کۆڵەکە و بنەمای بیروبڕوایی دیانەتی مەسیح پێکدەهێنن. نووسەرانی ئینجیلەکان نەیانویستووە ڕووداوە مێژووییەکان بگێڕنەوە، مەبەستیشیان ئەوە نەبوە، بەڵکو بەتەمابوون و گەرەکیان بووە گەرای ئیمان لە دڵی ڕێڕەوانی دینەکەیان بچێنن و ڕێوشوێنی ئایینییان بۆ داڕێژن و دەرخواردیان بدەن.

لەوانەیە مرۆیەکی باوەڕدار بەرپەرچی ئەو قسەیە بداتەوە و بڵێ، داخوا دەکرێ و دەگونجێ کتێبێك کە ئەم هەموو خەڵکە بە پیرۆزی دەزانن کۆمەڵە ئەفسانەیەکی خەیاڵی بێت؟ ئایا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شتێکی لەو چەشنە بیندراوە؟ لە وڵامدا دەڵێین بەڵێ، زۆریش بیندراوە، نەك جارێك بەڵکو گەلێك جار قەوماوە و دیتراوە.

٢- Argonautes ناوی ئەو ٥٠ پاڵەوانەیە کە پێکرا سواری پاپۆڕێک ببون و بۆ وەگیر هێنانی "خوری زێرین" سەریان لە وڵاتی «گول شیده» دەرهێنا .«کاستور»، «ئورفە»، «هێرکول»،«پلە» و «تلامون» لەوانە بوو. (میتۆلۆژی یونانی)

دەتوانین بڵێین هەموو دینەکان "کتێبی پیرۆزی" خۆیان هەیە. ئەم کتێبانەش هەروەك ئینجیلەکان وان و هاوسەنگی یەکن، قورستر یان سووکتر نین. هەمووشیان پڕن لە ئەفسانەی خەیاڵی لەمەڕ خواکان، پاڵەوانەکان و پێغەمبەران و کەسانێك کە تا رادەی خوایی هەڵکێشراون. بەڵێ، هەر دیانەتێك میتۆلۆژی تایبەت بەخۆی هەیە.

لە جێژن و کۆڕی بەزموڕەزمی یونانییە کۆنەکاندا گۆرانیبێژانی گەڕیدە هەبوون کە بە کەیفی خۆیان و حازربەدەست شیعر و هەڵبەستەی جۆربەجۆریان لە وەسفی خواکانی وەك: «زئۆس[3]»، «ئارتمیس[4]»، «پوزەئیدون[5]»، «هێرمس[6]»، «ئافرۆدیت[7]»، «دیوزئۆس[8]»یان بەسەر زماندا دەهات، دەیانهۆنییەوە و بە گۆرانیی دەیانوتەوە. هەروەها سەربردەی پڕ لە ئازایەتی پاڵەوانە ئەفساناوییەکانیان دەگێڕایەوە، کە نیوەخوا و نیوە مرۆڤ بوون. بۆ وێنە ئەفسانەی هێرکول هەموو جێگایەکی داگرتبوو، باس هەر لەوە دەکرا کە ئەم بوونەوەرە نیوەخوا و نیوە ئینسانە چ هێزێکی پاڵەوانانە و چ ئازایەتییەکی لەڕادەبەدەری هەبوە و چ کردەوە و هەڵسوکەوتی سەیر و سەمەرە و نەشیاوی لەخۆی نیشان داوە. شیاوی گوتنە کە ئەم بوونەوەرە، واتە هێرکول بە پێی ئەو ئەفسانەیەی کە بۆی داڕێژراوە ئەویش وەک (مەسیح)ی ئینجیلەکان لە خوا و ژنێکی سەرعەرز گووراوە و چاوی بە دنیا هەڵێناوە و ئەویش بە ئازار و جەزرەبەیەکی زۆرەوە گیانی دەرچووە.

---

[3]- zeus لە میتۆلۆژی یونانییەکاندا خوای خواکان بوو، رومیەکان بە »ژوپیتر»ی ناو دەبەن.

[4]- Artemis کچی زئوسە و خواژنی ڕاو. رومیەکان پێی دەڵێن «دیان».

[5]- Poseidon خوای دەریاکان کە رومیەکان «نێپیۆن»ی پێ دەڵێن.

[6]- Hermes کوڕی ژوپیترە، خوای ڕەوانبێژی و بازرگانی و دزی. رومیەکان«مرکور»ی پێ دەڵێن.

[7]- Aphrodit خوای جوانی و رومیەکان «ڤینووس»ی پێ دەڵێن.

[8]- Dionysos خوای شەرابە و رومیەکان «باکوس»ی پێ دەڵێن.






سەردەمانێکی زۆر پێشتر و بەر لەوەی کە ئەفسانەی مەسیح سەر دەربێنێ، «فریژی Phrygie[9]»یەکان ئەفسانەیەکی کۆن و خەیاڵییان هەبوو بە ناوی «ئاتیس Attis»، کە زۆر لە حیکایەتەکەی مەسیح دەچوو. «ئاتیس» بوونەوەرێکی نیوەخوا و نیوە ئینسان بوو. « فریژی»یەکان پێیان وابوو کە »ئاتیس» لە کچێك بە ناوی « نانا Nana» بووە و گەراکەی بە شێوەیەکی مۆجزاوی لە سکیدا گووراوە. ئەم ئاتیسەش مردووە و پاشان ژیاوەتەوە. فریژییەکان بە خۆشیانە و بەشارەتی ئەو هەستانەوەیە جێژنێکی گەورە و پرشکۆیان، وەك جێژنی پاکی مەسیحیەکان دەگرت.

ئەفسانە دێرینەکانی هیندییە کۆنەکانیش لە زنجیرە کتێبێکی پیرۆز بە ناوی "وادا" «اVedas» کۆکراونەتەوە. ئەوانیش هەروا قسە لە خواکان و نیوەخواکان دەکەن. ئێرانییە کۆنەکانیش بەر لە سەرهەڵدانی دیانەتی مەسیح کتێبی پیرۆزیان هەبوو بە ناوی «ئەوێستا» و پڕیشە لە ئەفسانەی کۆن لەمەڕ خواکان و پاڵەوانەکان. هەموو ئەم کتێبانەش لە بابەت ڕووداوی نەشیاو و ناراستەقینەی زۆروزەبەندەوە هیچیان لە ئینجیل نەگێڕاوەتەوە.

ئەوەدەمی ئەفسانە کۆنەکان دەماودەم دەگەڕان، واتە گۆرانیبێژ و نەقڵوێژی گەڕیدە دەیانخوێند یان دەیانگێڕانەوە. کەسە ئاینییەکانیش لە ناواخنی پەند و ئامۆژگارییەکانیان دەپەستاوت و بەمجۆرە دەماودەم و پشتاوپشت درگەڕا. ئەوەدەم

---

[9]- ناوی یەکێک لە وڵاتە هەرە کۆنەکانە و لە ناوەندی ئاسیای نچوک هەڵکەوتووە و شارەکانی «قونیە»ی ئێستا و «ترووا» لە ناو ئەو وڵاتەدا بوون. ئەم وڵاتە لە سەدەی ٨ی بەر لە زایین سەرەتا کەوتە دەست «کریزوس»ی پادشای« لیدی» و دواتر «کورش»ی پادشای ئێران و پاشان «ئەسکەندەری مەقدوونی» و ئینجا رومیەکان داگیریان کرد. (م. قازی)

دەقێکی نووسراوەی مکۆم لەبەر دەستا نەبوو، جابۆیە هەر کەس لە بوێژەکان لە کاتی گێڕانەوەیاندا بۆخۆی و بە هەوای خۆی دەستیان تێوەردەدا، کۆرتیان دەکردنەوە، یان بەشە لاوەکییەکانیان دەقرتاند، یاخود شتی دیکەشیان دەخستنە پاڵ، هەمیشەش بە ئانقەست نەبوە، ڕەنگە ویستبێتیان زیاتر تاموچێژی پێبدەن یان زیاتر سەرنجی گوێگرەکانیانی پێ ڕابکێشن.

دواتر دەست بە نووسینەوەیان کرا. زیاتر حیکایەتەکانی لەمەڕ فڵانە خوا یان فڵانە پاڵەوانی ئەفسانەیی لە کتێبێکدا کۆدەکرانەوە، لە کاتی نووسینەوەشیاندا جارێکیتر دەستیان تێوەردەدرایەوە. کاتێ ئەفسانەیەك لە لایەن کەسانی جۆربەجۆر و هەرکام بۆخۆی، لێرەولەوێ دەنووسرایەوە، وا نەبوە کە حەتمەن دەقی نووسراوەکە لە یەك چووبێتن. بەمئاوایە زۆر دەقی جۆربەجۆر لە ئەفسانەیەك هەبوە و لە هەر شوێنێکدا بەجۆرێك خوێندراونەتەوە یان بێژراون. هەر بەم پێیەش زۆرجار لەگەڵ یەکدا تووشی ناکۆکی و جیاوازی هاتوون، هەربەوجۆرەی کە لە ئینجیلەکاندا قەوماوە.

کەوابوو با بزانین ئینجیلەکان چۆن سەریان دەرهێنا و چۆن ناوی "کتێبی پیرۆزی" دیانەتی مەسیحیان پێ بڕا. بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە دەبێ پێشتر ئاوڕێك لە بنچینەکانی دیانەتی مەسیح بدەینەوە.

## دەرکەوتنی دیانەتی مەسیح و پەیا بوونی ئینجیلەکان

نۆزدە سەدەیەك لە دیانەتی مەسیح تێدەپەڕێ. ئەم دیانەتە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی دەرکەوت، کە خۆیان دۆڕاو و ژێرچەپۆکە و لێدراوی ئیمپراتووری روم بوون. ئەم دیانەتە لە ناو کۆیلەکان کە دڕندانە دەچەوسێندرانەوە، لە ناو جوتیارانی ڕەنجەڕۆی مایەدۆڕاو، لە ناو کەسانی بێئەنوا و دەسکورتی هەمیشە برسی و بەتاڵی ناو شارەکانی ئاسیای بچوك و سوریا و میسر بڵاو بووەوە.



ژیانی "کرێکاران و زۆرلێکراون" تا دەهات دژوار و ئەستەمتر دەبوو. چیدی شانیان قورسایی ئەم ژیانە پڕ لە کوێرەوەریەی هەڵنەدەگرت. هەربۆیە زۆرجار لەبەر کوڵەمەرگی و بێ هیوایی دژی باڵادەست و ئاغاکانیان ڕادەپەڕین. زۆرجار گوڕم و تەوژمی ئەم ڕاپەڕینانە دامودەزگای ئیمپراتوری رومی هەژاندووە. بەتایبەت ڕاپەڕینی کۆیلەکانی «سیسیل» لە ساڵی ١٦٠ی بەر لە زایین و ڕاپەڕینی « سپارتاکوس» لە ساڵەکانی ٧٠-٧٣ی بەر لە زایین کە زۆر سەخت و خوێناویی بوون. دەسەڵاتداران و سەرکردەکانی ئیمپراتوری بۆ کپکردنی ئاگری ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان نواند و بۆ ئەو مەبەستەش بێ بەزییانەترین و دڕندانەترین شێوەکانیان دەگرتە بەر. ناوبەناوە جوتیارانیش سەریان هەڵدەدا، هەروەها لێرەولەوێش وڵاتە ژێرچەپۆکە و داگیرکراوەکانی ئیمپراتوری روم ئاڵای ڕاپەڕین و خۆڕاپسکانیان هەڵدەکرد. بەم حاڵەشەوە ئەودەم کەس نەیتوانی ئەوجۆرەی کە دەبێ ببێ، دەسەڵاتی ئیمپراتوری رومی کۆیلەدار بنکۆڵ بکات.

ئەودەم هێشتا هێزێکی شۆڕشگێڕ و یەکانگیر لەگۆڕێدا نەبوو، هەتا بتوانێ ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییە تێك بشکێنێ. کۆیلە و جوتیارەکان پرژوبڵاو نارێکخراو بوون. ئامانجێکی هاوبەش و روونیان نەبوو، هەر بەم بۆنەوە نەیاندەتوانی یەکانگیر و یەکگرتووانە خەباتێکی هاوبەش دەسپێبکەن. هەموو هەوڵەکان بەفیرۆ دەچوو، داری ئازادی بەری نەدەگەت. نەك هەر ئەمە بەڵکو ئاڵوگۆڕێکیشی لە ژیانی زۆرلێکراوان و لێقەوماوان پێك نەدەهێنا. وا دەهاتە بەرچاو کە ئاشی زۆرداری هەروا دەگەڕێ و بەربەستێکی تووش نایەت.

بەگشتی زۆرتر لە بارودۆخێکی وەها دژوار و تاقەت پڕوکێندایە کە گەرای بیر و روانگەی ئاینیی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا چەکەرە دەکات و هەراش دەبێ. کاتێ جەماوەر بڕوا بە خۆییان نامێنێ، کاتێ لەم دنیا پڕ لە رکەبەری و دوژمنخێوییەدا

خۆیان تاکوتەرا و تەریك دەبیننەوە، کاتێ خۆڵی هەناسەساردی و هیوابڕاوی بەسەریاندا دەرێژرێ، ئەوەدەم بە حەز و هەڵپەیەکی تایبەتەوە روو لە ئاسمان دەکەن.

ئەردەم کەشوهەوایەکی هەر لەو بابەتە باڵی بەسەر ئیمپراتوری رومدا کێشاوە. توێژەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگا کە باری قورسی کوێرەوەرییان لەسەر شانە، بەربەرەکانێی شۆڕشگێڕانەیان تێکدەشکێ و خۆیان بێ وزە دەبینن. ئیتر پتر دەستەوداوێنی داڵدە و فریاڕەسی ئاسمانی دەبن. ئەمانە چاو لە "رزگاریدەر"ەکانیان دەبڕن تا لە ئاسمانەوە دابەزن و سفرەی دادپەروەری و خۆشی و بەشارەتیان لەسەر دنیا بۆ ڕابخەن. بڕوا بەوجۆرە رزگاریدەرانە پێشتر لە ئاینیە جۆربەجۆرەکان و بەتایبەت رۆژهەڵاتییەکانیدا هەبوە. ئەم ئاینانە زۆر بەخێرایی پەلوپۆیان لە ناو زۆرلێکراوانی وڵاتانی جۆربەجۆردا هاویشتبوو. بۆ نمونە دەتوانین لە ئاینەکانی «میترا[10]»(مهرپەرستی) لە ئێرانی کۆن، «ئۆرزیرس» لە میسر، «دیونیزۆس زاگرەDionysos Zagree» لە یونانی کۆن ناو بەرین.

لێرەدا جێی‌خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەفسانەی کۆنی «زاگرە» زۆر لە ئەفسانەی «مەسیح» دەچێ. زاگرەش هەروەك مەسیح لە کچێك بە ناوی «کورا Cora» لە دایك بووە و بۆ کڕینەوەی گوناحەکانی مرۆڤ هاتۆتە سەر عەرز، دواتر مردووە و پاشان ژیاوەتەوە.

بڕوای جەماوەر بە رزگاریدەرێکی ئاسمانی و هیوا بە دەرکەوتنی ئەم رزگاریدەرە هێندە قووڵ و پتەوە کە ئیمپراتورەکانیش بۆ پەلهاوێژی و قایمتر کردنی دەسترۆیشتوویی و دەسەڵاتیان کەڵکیان لێ وەردەگرت و خۆیان بەو رزگاریدەرە ناو دەبرد. «کەتیبە[11]»یەك لەسەر «ئاوگۆست» ئیمپراتوری روم لەبەر دەستدایە، کە ساڵی نۆی

---

[10]– مهر= میترا= خوای رووناکی و رۆژ (فەرهەنگی موعین، لاپەڕەی ٣١٨٨)

[11]– کەتیبە Ketibe یان لەوح، نووسراوەیەکە بەسەر درگا و دیواری کۆشک، مزگەوت و مەزارگە و شوێنی پیرۆز و جاری وایە لە کێو، بە خەتی جۆربەجۆر دەنووسرێ یان هەڵدەکەندرێ. وەکوو کەتیبەی بێستون.( فەرهەنگی موعین، لاپەڕەی ٢٠٥٤)



بەر لە زایین نووسراوە، ئەم کەتیبەیە هێشتا هەر ماوە و دەقەکەی بەمجۆرەیە:" ئاگۆست بۆ ئێمە و بۆ هەمو ئەو کەسانەی کە ڕێڕەوی ئێمەن، وەکوو رزگاریدەرێك ناردراوە ... رۆژی لەدایکبوونی ئەم خوایە بۆ هەموو دنیا سەرەتای خۆشی و دەنگوباسێکی خۆش بووە و لە سۆنگەی ئەوەوە بە گەل گەیشتووە."

جێیەتی بە وردی لەم کەتیبەیە بڕوانین. یەکەم خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە وەك "رزگاریدەری مرۆڤ" باس لە ئیمپراتور دەکرێ، واتە ئیمپراتوریان گەیاندۆتە پلەی خوایی. خاڵی دووهەمی ئەم کەتیبەیە، کە زۆریش گرینگە، ئەوەیە کە لێرەشدا قسە لە " دەنگوباسی خۆش" کراوە. ئەم لەوحە بە زمانی یونانی نووسراوە و لە زمانی یونانیشدا بە "دەنگوباسی خۆش" دەڵێن «ئوان گلیۆن Euongelion، کە مانای هەمان ئینجیلی هەیە. ئەمە دەیگەیێنێ کە ئەوەدەم مەبەستیان لە ئینجیل راگەیاندنی دەرکەوتنی خوایەکی رزگاریدەر بووە. بەمئاوایە پیاوە ئاینییەکانی مەسیحی بۆخۆیان ناوی کتێبە پیرۆزەکەیان دانەهێناوە، بەڵکو لە دیانەتە کۆنەکان وەریان گرتووە.

یەهودییەکان بەتایبەت بڕوایەکی زۆر پتەویان بە دەرکەوتنی رزگاریدەرێك هەبووە. پێشتر ئەوەدەمی کە لە »بابل« یەخسیر کرابوون ئەم پێشگۆییە لە ئاینەکەیاندا هەبوو، کە خوا هەر ناهێڵێ میلەتەکەی خۆی بفەوتێ وڕۆژێك هەر رزگاریان دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش رزگاریدەرێك واتە مەسیحێکیان بۆ دەنێرێ تا دنیایان بۆ بکاتە بەهەشت. ئەم مەسیحەش لە بنەچەی «داود شا» هەڵدەکەوێ و سەردەردێنێ.

بڕوا بە دەرکەوتنی مەسیحی رزگاریدەر لە ناو یەهودیەکانی دەرەوەی «یەهودیە»ش باو بووە. ئەمان بە جۆرێکی‌تر سەیری ئەو رزگاریدەریان کردووە، نەك ئەو جۆرەی کە لە فەلەستین دەیانخستە پێش چاوی خۆیان. ئەمان "کابرای" رزگاریدەریان بە کەسێك نەدەزانی کە ڕادەپەڕێ و خەڵك وەدووی خۆی دەخات، بەڵکو پێیان وابووکە رزگاردەر بوونەوەرێکی تاقانە و نائاساییە و بە کەرەسەی غەیرە ماددی، واتە بە ئامرازی خودایی خەڵکی خودا دەرباز دەکات. لەناو نەتەوەکانی ئاسیای بچوك،

میسر و وڵاتانی دیکەش زۆرجار قسە لە مەسیح کراوە. سەرێك پێیان وابووە کە زیندوون و لە ناو جەماوەردان و خەریکی رزگارکردنی خەڵکن، جارێك دەیانگوت زۆر لەمەوپێش هاتوون و دەبێ دیسان بگەرێنەوە. گەلێك جاریش راستەوراست کەسێکی ناو کۆمەڵگایان بە مەسیح دەزانی، بەڵام زۆربەی ئەو دەنگو و ناوبانگانەی کە دەخرایە پاڵیان هەر لە خەیاڵەوە هەڵدەقولاًن و لە راستی بەدوور بوون.

جاری واش هەڵدەکەوت کە کەسێك لە نەبوو دەنگۆی لەدایك بوونی مەسیحی بڵاودەکردەوە، ئەم هەواڵە بە خێرایی لە ناو خەڵکێکدا کە شەو و رۆژ چاوەڕوانی بوون، بڵاودەبوەوە. ئەم هەواڵە دەمبەدەم دەگەڕا، هەر کەسێکیش لەخویەوە شتێکی سەردەخست و تا دەهات لقوپۆپی زۆرتری لێدەبوەوە. بەمجۆرە لە ئەنجامی خەیاڵبافی جەماوەر، دەیان ئەفسانەی جۆربەجۆر لە نەبوو بۆ مەسیح هەڵدەبەسترا و قسە لە چۆنیەتی پڕ لە رازی سەرسووڕهێنەری لە دایکبوونەکەی، لەو مۆجیزاتانەی کە کردوویەتی، لەو سەرکەوتن و پەندانەی کە بەسەر دوژمنەکانیدا هێناویەتی، دەکرا. زۆرجار حیکایەتی چۆنیەتی مردنەکەشیان دەهۆنیەوە. ئەمەش زۆر پێویست بوو، چونکا مەسیح دەرکەوتبوو، بەڵام بارودۆخی ژیان و بەرێچونی خەڵکەکە بەردەوام هەر وەك خۆی مابوو. ڕەوتی رزگارکردن درێژەی کێشاوە، دەبوو لە جێگایەکدا بیبرِنەوە تا جارێکیتر سەرهەڵبداتەوە، ئەوکات درۆودەلەسە کەڵەکە دەبوو، دەگوترا خەتای خەڵکەکەیە، چونکا دڵیان بەرەو گەناح و تاوان دەکورکێنێ، نەیانهێشتووە رزگاردەر ئەرکەکەی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بەڵام بەزوویی دەگەڕێتەوە، باشتر کە وای لێهات، چونکا ئەمجارە بە"هەموو شکۆیەتی و گەورەیی خۆیەوە" دەگەڕێتەوە.

ئەو حیکایەتانەی کە باسیان لە رزگاریدەرێك دەکرد کە هاتووە و دواجار بزر بۆتەوە و هەر هەمووشیان لە فەلەستین دەقەومان، بە خێرایی دەماودەم دەگەڕاو و وڵاتانی دیکەشی دەبڕی. بەتایبەت لەبەر دووری رێگا زۆر ئەستەم بوو بواری تاقیکردنەوە و راست و ناراستییەکەی هەڵبکەوێ.



بەمجۆرە ئەفسانەی عیسای مەسیح، واتە هەمان مەسیحی بەڵێندراو، هەمان مەسیحێك کە خەڵك چاوەڕێی دەکەن، سازکرا. ئەم حیکایەتە لە شارەکانی ئاسیای بچوك، سوریا و میسر سەری دەرهێنا و دەماودەم لە شار و گوندەکانی ئیمپراتوری رومدا دەنگی دایەوە. لە دەوروبەریساڵی ٦٨ی زایینی نووسەرێکی نەناسراو ئەم حیکایەتەی خستە سەر کاغەز و ناوی «مکاشفەی یوحەننا»ی لێنا. ئەم کتێبە زۆر ئاڵۆز، تەماوی و تێکەل و پێکەڵە، کاکڵەکەی لەو پێشگۆییانە پێکهاتووە کە لەسەر عیسای مەسیحی رزگاریدەر کراون. لەم کتێبەدا هیچ خەبەرێك لەو شتانە نییە کە لە ئینجیلەکاندا لەسەر  ژیانی و مەرگی مەسیح نووسراون. نووسەر لە کتێبەکەیدا پەنای بۆ ئاماژەی زۆر ئاڵۆز و نادیار، بۆ ڕستە و دەربڕینی بەتێکڕا و ناروون، بۆ قسەی بەتوێکڵ و پڕ لە گرێ بردووە. ئەودەم ئەفسانەی مەسیح، ئەوجۆرەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتووە، لەگۆڕێدا نەبوو، ئەوە لە ماوەی دوو سەدەی دواتر بوو کە بڕاوبڕ کرا و گیزوگوڵینگی پێوەنرا.

بانگەشە و دەنگۆی لەمەڕ مەسیح زۆر بەخێرایی لە ناو جەماوەری خەڵکی زۆرلێکراوی ئیمپراتوری رومدا بڵاوبووەوە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە بۆچی ئەم جەماوەرە چاویان لە رزگاریدەرێك بڕیبوو. بۆچی بڕوایان بەوە هەبوو کە ئەمرۆ یان سبەی دەردەکەوێ. ئەم ئەفسانەیە لەبەر گەلێك هۆی جۆربەجۆر، کە دواتر دەچینەوە سەریان، زۆر زیاتر لە ئەفسانەکانی دیکەی لەمەڕ «رزگاریدەرەکان» شوێنەواری خۆی داناوە و زیاتر لە هەموان بە دڵەوە نووساوە.

لە ئیمپراتوریی رومدا کۆڕوکۆمەڵی راستەقینە لەسەر پەرستنی رزگاریدەرێکی خەیاڵی و لەنەبوو، پێکهات. بەرەبەرە ئایینێك سەری دەرهێنا و پاشان داب و ڕیسای جۆربەجۆریشی بۆ سازکرا، کە هێشتا لەناو مەسیحییەکاندا باوە. وردەوردە قەشە بۆ ئەم ئایینە نوێیە پەیدا بوون و گەلێك کلیسە و دێرك بۆ بەرێوەبردنی ئەم کۆڕوکۆمەڵانە

سازکران. پاشان قەشەی گەورە (ئوسقۆف[12]) سەریان دەرهێنا و وتاربێژی گەڕیدە بەسەر کۆڕوکۆمەڵەکانەوە دەگەڕان و قسەی دڵگر و سوکنایی‌هێنەریان لەسەر مەسیحی تازە دەرکەوتوو، لەسەر عیسای مەسیح دەکرد و هەموو جارێکیش چڵوپۆپی زیاتریان پێوەدەنا. بەرەبەر ئەم قسە و پەند و بەیتوباوانە کۆکرانەوە و خرانە سەر کاغز، پێوەندی لەنێوان کۆڕوکۆمەڵەکان دامەزران و دەستیان بە نامەگۆڕینەوە کرد. وردەوردە جۆرێکی تایبەت لە وێژەی ئایینی سەری دەرهێنا و ئەمەش لەو «نامە و نامەکارییانەوە Les Epitres» دەستپێکرا. مەبەست ئەو نامانەیە کە ئەندامان و وتاربێژان و راگەیەنەران بۆ کۆڕوکۆمەڵە جۆربەجۆرەکانیان دەنووسی. وەك نامەکانی «سن کلمان»، «سن ئیناس»، «پلی کارپ»، و «بێرناپە». هەروەها ئەو نامانەش دەگرێتەوە کە کلیسا دەڵێ «پێل»، یەکێك لە دوانزە قوتابییەکەی مەسیح نووسیونی، لەحاڵێکدا کەسێکی بەو ناوە هەر لە گۆڕێدا نەبوە. هەروەها کۆمەڵێك حەدیس و قسەی نەستەق «Maximes» لە زمانی مەسیحەوە هەڵبەسترا کە »لۆژیكLogia»یان پێ‌دەگوتن. پاشان یەك بە دوای یەك سەروکەللەی ئینجیلەکانیش پەیدا بوون.

لەماوەی یەك و نیو تا دوو سەدەیەکدا گەڵێك ئینجیل نووسران. هەر کۆڕ و کۆمەڵێك هەرچەند بچوکیش با ئینجیلی تایبەت بە خۆیان هەبوو. بۆ نمونە دەتوانین «ئینجیلی تۆماس»، «ئینجیلی ژاك»، «ئینجیلی نیکۆدم»، «ئینجیلی پەترۆس»، «ئینجیلی مەتتای دوهەم»، «ئینجیلی میسرییەکان»، «ئینجیلی ئیبیونیتەکان» و ... ناوبەرین. نووسەری ئینجیلی لۆقا دەنووسێ « ئەی پایەبەرز ساوفیلۆس، زۆر کەس هەستان بە نووسینی ئەو رووداوانەی لای ئێمە روویدابوو، بە پێی ئەوەی بە دەستمان

[12]- یەکێک لە پلەکانی ئایینی مەسیح، بەزترە لە قەشە و نزمترە لە مەتران. (فەرهەنگی موعین، لاپەڕەی١٨٨.)



گەیشتووە، لەوانەی لەسەرەتاوە بینەری رووداوەکان و خزمەتکاری وشەکە بوون.»[13]

بەمئاوایە لەسەرەتای سەدەی چواری زاینییدا بێ‌گومان دەیان ئینجیل نووسرا بوون.

ئەم ئینجیلانە ناکۆکی و جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەبوو. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کۆڕ و کۆمەڵە سەرەتاییەکانی ئایینی مەسیح یەکدەست نەبوون، لە کەسانێك پێکهاتبوون کە پلەی جیاواز و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی جیاوازیان هەبوو. لە دەستە و تاقمی "نەتەوەیی" جۆربەجۆر بوون. ئەمانە زۆرتر کۆیلە، وەرزێر، کاسبکار و سەنعەتکاری هەژار و دەستەنگ بوون و بە نوێنەری " نەتەوەی زۆرلێکراو" دەژمێردارن. بەلام کەسانی دەوڵەمەند و سامانداریشیان تێدا بوو. ئاسائییە کە ئەم دەستە و تاقمە جۆربەجۆرانە مەیل و لاگری سیاسی جۆربەجۆریشیان هەبێ و تەنانەت لە هەندێك رووەوە لە بەرامبەر یەکتریشدا بوەستن، هەر بەم بۆنەشەوە ئەو ئینجیلانەی کە دەیاننووسی لە گەڵ یەکتردا جیاواز بوون.

بەمئاوایە گەڵێك ئینجیلی لێك جیاواز لێرە و لەوێ قوت بوونەوە. جیاوازی ئەم ئینجیلانە هەر لە بەر ئەوە نەبوو کە نووسەرەکانیان جیاواز بوون، تەنانەت لە نێوان یەك ئینجیلیشدا کە چەند دەسنووسی لێ هەڵگیرابوەوە، ناکۆکی و جیاوازییەکی زۆر هەبوو. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئەودەم سەنعەتی چاپ لە گۆڕێدا نەبووە، کتێبەکان بە دەست دەنووسرانەوە. لە نێوان کتێب نووسەرەوەکاندا کەسانی کەم خوێندەوار و ئاوەز تەسك هەبوون، ئەمانە لە روونووسکردنەوەی کتێبەکاندا هەڵەی زەق و گەورەیان دەکرد. زۆرجار فلانە یان فیسارە کۆپلە و بەشی کتێبەکەیان دەگۆڕی، یان کامەیان بەکەیف نەبا دەیان قرتاند، لەبری ئەوەش بە ئارەزووی خۆیان و بە پێی بۆچوونەکانیان دەستیان تێوەردەدا و شتی زیادەیان تێدەپەستاوت. بە هۆی ئەم بشێوییە زۆرجار رێدەکەوت روونووسی چەند ئینجیلێکی بۆ نمونە ئینجیلی ناسراو بە »مەرقۆسە» لە یەکتر نەدەچوون. سەرباری

[13]- ئینجیلی لۆقا، بەشی یەک، ئایەتەکانی ١و٢

ئەم وەزعە کەسانی نەشیاو و نالێهاتووش قۆلیان بۆ وەرگێڕانی ئینجیلەکان هەڵدەکرد و بەمجۆرە گرێ پووچکە و ئاڵۆزی و ناروونی پتریان دەخوڵقاند.

هەموو ئەم هۆکارانە گێژاو و بشێوییەکی تۆخیان بەسەر «کتێبە پیرۆزەکان»دا هێنا. ئاشکرایە کە بەڕێوەبەرانی کلیسا ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و کەسلەکەسەیان پێ باش نەبوو. لە هەلومەرجێکی وادا نەیاندەتوانی هەموو کۆڕوکۆمەڵە جیاوازەکان لە ژێر رکێفی خویاندا رابگرن. لە راستیشدا ئەگەر هەرکام لەو کۆڕوکۆمەڵانە پشتی بە «کتێبی پیرۆز»ی خۆی ببەستێ، ئەمە ئیتر بیروڕای جۆربە جۆریشی لێ دەکەوێتەوە. هەر بەم بۆنەوە »باوکانی ئاینیی کلیسا« کەوتنە خۆ، تا ژمارەی ئینجیلەکان کەم بکەنەوە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش دەبوو ژمارەیەکی کەمیان بە پیرۆز بناسینن. بەڵام ئەمەش بۆ خۆی کارێکی حاسان نەبوو.

ئەوجار کێشەیەکی قووڵ لە ناو کۆڕوکۆمەڵە جیاوازەکانی ئاینی مەسیحیدا لەسەر ئەمەی کە کامە ئینجیل ساغ و پیرۆزە و کامەیان چروک و قەڵبە، سەری هەڵدا. ئەوکات مەسیحییەکان بەسەر کۆڕوکۆمەڵ و فیرقەی جۆربەجۆری وەك: «منۆفیزیت»ەکان، «مارسیونیت»ەکان، «نیکۆلایی»یەکان، «مانەوی»یەکان، «دۆسەت»ەکان (Docetes)، «منۆتالیت»ە کان، «ئبیونیت»ەکان، «ئاریانیت»ە کان، دابەش ببوون. هەرکام لەو تاقمانە جۆری تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆیان، لەسەر دیانەتی مەسیح هەبوو. ململانێ و کێشمەکێشێکی قووڵ و تا ڕادەی دەستەویەخە بوون باڵی بەسەردا کێشابوون.

سەرەتا بیریان لەوە کردەوە بێن و ئەو ئینجیلانە دەسنیشان بکەن کە هەموان لەسەریان کۆکن، یان زیاترین لاگیرییان هەیە. بەمجورە لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠ی زاینیی کەسێك بە ناوی «تاتین Taetin»، لە مەسیحییەکانی سوریا لە رووی ئەو ئینجیلە جۆربەجۆرانەوە کتێبێکی بە ناوی «توافق الحان L Harmonie» ساغکردەوە. ئەم کتێبە تا دوو سەدەش تاقە کتێبی پیرۆزی کۆر و کۆمەڵە مەسیحییەکانی سوریا و



میسر و فەلەستین و ئەسیای بچووك بوو. پاشان «تئۆدۆرە Theodoret»، کەڵەقەشەی «ئەنتاکیا» فەرمانی دا کە هەموو دەسخەتەکانی ئەو کتێبە کۆبکرێنەوە و بسوتێندرێن. بەمجۆرە سەدان دەسنووسی ئەو کتێبەیە بە توونی ئاگردا چوون. لە دەوروبەری سا ڵی ١٤٠ی زاینییدا زانایەکی ئاینیی بە ناوی «مارسیون Marcion»[14] رایگەیاند کە تەنیا دە نامەکەی «پل» قوتابی مەسیح و یەکێك لەو ئینجیلانە "پیرۆزن". ئەمە یەکەم "یاسا" واتە یەکەم پێڕستی فەرمی بوو کە بۆ ئینجیلی "پیرۆز" دیاری کرا. دواتریش زۆرجار لە شۆڕای کلیساکاندا و لە نێوان پیاوە ئاینییەکانی کلیسادا هەر ئەم کیشەیەی کە دەبێ کامیەك لەو ئینجیلانە بە "ساغ و یاسایی" و "ئیلهام وەرگرتوو لە خوا" بناسێندرێ، خرایە بەرباس تا مشورێکی بۆ بخۆن. ئاخر ئینجیلکان یەکدەست نەبوون، نەك هەر لە ناو خۆیاندا پڕ بوون لە ناکۆکی و وتەی دژ بەیەك، بەڵکو لەگەل یەکتریشدا ناکۆك و جیاواز بوون. ئەم وەزعەش هەڵبژاردنی «ئینجیلێکی باشی» لەناو ئەو هەموو ئینجیلەدا دژوارتر دەکرد. ئاخریەکەی وای لێهات کە شۆڕای «لائۆدیسە» کە ساڵی ٣٦٤ی زاینی پێکهات، بڕیاری دا، لەمەوبەدوا تەنیا ئەو چوار ئینجیلەی ناسراو بە »مەتتا«، «مەرقۆس»، «یۆقا» و «یوحەننا» بە پیرۆز بناسرێن. ئەمە هەر ئەو چوار ئینجیلەن کە ئێستاش بەشێك لە کتێبی «پەیمانی نوێ» پێك دەهێنن. ئەمجار خەتێکی سوور بەسەر هەموو ئینجیلەکانی دیکەدا کێشرا و بە »Apocriphel« واتە چرووك و داتاشراو راگەیاندران.

سەرەتا لەوانەیە شتێکی غەریب و سەیر بێتە بەرچاو کە باشە بۆچی ئەودەم دەقی ئەو ئینجیلە هەڵبژێردراوانەیان پێکرا نەگرتووە و جیاوازییەکانیان لێ دەرنەهاویشتووە! ئاخر خۆ ئەودەم دەکرا چاوێکی بەسەردا بگێرنەوە تا لانی کەم هێندەیان جیاوازی لە نێواندا نەبێ و ئەوەندە ناکۆك نەبن. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی وا دەرنەچوو. بۆچی وایان بۆ نەچوە پێش؟ چونکا ئەم چوار ئینجیلە »پیرۆزە« هی کۆڕوکۆمەڵی

[14]-دواتر لە لایەن کلیساوە بە لادەر دەرچوو .

جۆربەجۆری مەسیحی و تەنانەت، گرینگترینیان بووە. لەشوێنێك بڕوایان بە ئینجیلی ناسراو بە مەرقۆس هەبوە و لە جێگایەکی دیکە سەر لە پێناوی ئینجیلی ناسراو بە لۆقا بوون و جەماعەتێکی دیکە سوێندیان بە ئینجیلی ناسراو بە مەتتا خواردووە و لاباڵێکی دیکەش ئۆباڵیان بۆ ئینجیلی یوحەننا لێداوە. خۆ ئەگەر هاتبان و دەقەکەیان گۆڕیبان تووشی دژکردەوە و ناڕەزایەتی دەهاتن. هەبۆیە بەناچار ملیان بەو ناکۆکیانە دا و وەك خۆیان هێشتنەوە.

بەمحاڵەش تەنەنەت پاش شۆڕای «لائۆدیسە» دیسانیش تا ماوەیەکی زۆر هەروا مشتومڕ و هەڵا لەسەر ئەوەی کە کام کتێبی ئامۆژگاری «پەیمانی نوێ» دەبێ بە پیرۆز بناسرێ، درێژەی هەبوو. گەورەترین هەڵاوگرمەکان لەسەر «مکاشفەی یوحەننا» و « نامە و نامەگۆڕینەوە»کان هەڵگیرسا. ئەمەش بەو مانایە نیە کە لەسەر خودی ئینجیلەکانیش ناکۆکی نەبوە. لەسەر ئینجیلەکانیش چەندین جار لە شۆڕاکانی «هیپۆن Hippon» لە ساڵی ٣٩٣ و « کارتاژ» لە ساڵی ٣٩٧ و دوو جاریش لە شاری روم، لە سەرەتا و کۆتایی سەدەی پێنجەم، مشتومڕ و باسێکی زۆریان لەسەر کراوە. ئێستا زۆر چەتوونە بڵێین، باشە ئەم دەستە و تاقمە جۆربەجۆرانە چۆن ئاخرەکەی توانیان لەسەر ناکۆکییەکانیان پێکبێن. هەر ئەوەندە دەزانین و لەبەر دەستدایە کە ئەم شۆڕایانە مەیدانی کێشمەکێشێکی خەست بوون و تەنانەت زۆرجار دەستیان بۆ بەرۆکی یەکتریش بردووە.

مەتران و قەشەکانی کلیسا بۆخۆیان دەگێڕنەوە کە چۆن جەنابی «نیکۆلا میرmyre»ی گەورە قەشە لە شۆڕای «نیسە Nicce»دا زللەیەکی قایمی لە بناگوێی گەورە قەشەیەکی دیکە بەناوی «ئاریوس Arius» سرەواندووە. ڕێی تێدەچێ ئەم رووداوە وا نەبووبێ، چونکا لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویدا باسی لێوە نەکراوە. بەڵام ئەمجۆرە قسانە لەو راستییەوە هەڵقوڵاون کە زۆرجار لە شۆڕاکاندا کار گەیشتۆتە لێکدان و پێکهەڵپرژان. شۆڕای گشتی ساڵی ٤٤٩ی زاینیی کە لە شوێنێك بە ناوی



«ئەفزا Ephese» پێکهات، نمونەی سەیر و سەرنجڕاکێشی ئەو تێکهەڵچوونانەن. لەو شۆڕایەدا «بارسۆماس Barsumas» کە گەورەی قەشەکان بوو، هێندەی لە مەترانی قوستەنتەنییە دا، پاش ماوەیەك هەر لەبەر ئەو تێهەڵدانە گیانی دەرچوو. هەروەها «دیوسکۆر Dioscor» مەترانی ئەسکەندەرییە کە سەرۆکایەتی شۆڕای لە ئەستۆ بوو، بۆ ئەوەی پێشنیارەکانی خۆی رەپێش بدا شێوازێکی سەیری گرتبوەبەر: بەردەستنووسەکانی ئەم مەترانە قسەوباسی دانیشتنەکانیان بە قەڵەمی دادراوی دەروشەیی[١٥] (Style) لەسەر ڕوپەڕی مێواوی دەنووسییەوە. ئەودەمی کە ژمارەیەك لە ئەندامانی شۆڕا ملیان لە پێشنیارەکانی «دیوسکۆرس» بادا و بەرپەرچیان دایەوە، ئەو بەردەستانە بەو درەوشانەوە کەوتنە گیانیان و زەبری گورچکبڕیان تێدەوەژاندن و ناچاریان کردن خۆ بەدەستەوە بدەن و مل بۆ قسە و پێشنیارەکانی مەترانی ئەسکەندەرییە ڕاکێشن.

بەمجۆرە »دیوسکۆر« مەترانی ئەسکەندەرییە نەیارەکانی خۆی "قانیع" کرد و هێنانیە بەر بار.

١٥- جۆرە قەڵەمێکی هەڵکۆڵین لەسەر دار و بەرد، وەک سنگ.